شاندەکی بانکی عێراق سەردانی هەولێر دەکات



ئەحمەد خەزرەجی، بەرپرسی راگەیاندنی بانکی بازرگانی عێراقی (TBI) بە ماڵپەڕی زوم-ی ڕاگەیاند، سبەینێ لە هەولێر لەگەڵ وشاندی تایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆدەبنەوە بە دانانی میکانیزمێک لەبارەی بەبانکیکردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان.

وتیشی: سەردانەکە لەسەر راسپاردەی مەحەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراقەو بەشێکە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی عێراق لەبارەی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم.

بەرپرسی راگەیاندنی بانکی بازرگانیی عێراقی جەختیکردەتەوە کە بانکەکە بەشدار نابێت لەپڕۆژەی "هەژماری منـ"ی حکومەتی کاربەدەستەکەی هەرێم و لە کەبونەوەکانیشدا باس ناکرێت.

ئەوەش لەکاتێکدایە کە ئەمڕۆ شەممە میدیای سەرەکی خکومەتی هەرێمی کوردستان لەزاری سەرچاوەیەک لەتیمی "هەژماری من" بڵاویکردەوە کە ئامانجی سەردانی وەفدەکەی بانکی بازرگانی عێراقی بە هەولێر، بە گفتوگۆکردن لەبارەی چێنییەتی بەشداریکردنی بانکی -TBI- لەپڕۆژەی "هەژماری من".